# هەوەساری یا هەوێساری

ئەمجەد شاکەلی

2003/10/22

هەوە یا هەوێ، لە زمانی کوردیدا، بۆ دوو ژن بەکار دەبرێت، کە هەردووکیان مێردیان بە یەک پیاو کردبێت. ململانێی نێوان دوو هەوە یا هەوێ، پێی دەگوترێت، هەوەساری یا هەوێساری. مرۆڤ، کە دەنۆڕێتە ڕەوتار و گوتار و هەڵسوکەوتی هەردوو زلحیزب(پارتی و یەکیەتی) و زلحوکوومەت(هەولێر و سلێمانی) و زلسەرکردە(مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ) و زلتەلەڤزیۆن(کوردستان تیڤی و کوردسات) و زلشار(هەولێر و سلێمانی)، ڕێک دەڵێی دوو هەوە یا دوو هەوێی یەکدین و هەریەکەیان لە قینی ئەوی دیکەیان، هەمان کار ئەنجام دەدات، هەمان گوتە دەڵێتەوە، سەردانی هەمان کەس دەکات و پێشوازی لە هەمان کەس دەکات. بارزانی، دەچێتە مسر، تاڵەبانی دوای ئەو دەچێتە مسر. تاڵەبانی دەچێتە کووەیت، بارزانی دوای ئەو دەچێتە کووەیت. شاندێک یا ئەفسەرێک یا کارگێڕێکی ئەمەریکایی سەردانی هەولێر دەکات و بارزانی دەبینێت، ڕۆژی دووەم سەردانی سلێمانیش دەکات و تاڵەبانی دەبینێت. کوردستان تیڤی، ژڤانی سترانانی هەیە، کوردسات ساباتی سترانی هەیە، زۆرینەی سترانگەلێک، کە لەو دوو پرۆگرامەدا پەخش دەکرێنەوە، هیچ لە سترانەکانی "بنت الريف" و ئەوانە باشتر نین. کوردسات دەبێتە عەرەبی، کوردستان تیڤیش دەبێتە عەرەبی. خێڵی عەرەب دەبنە میوانی بارزانی، ڕۆژێکی دوای ئەوەش دەبنە میوانی تاڵەبانی. بارزانی، مەسرووری کوڕی لەگەڵ خۆیدا دەباتە هەندەران، تاڵەبانی قوبادی کوڕی لەگەڵ خۆیدا دەباتە هەندەران. بارزانی دەچێتە سووریا، تاڵەبانی دەچێتە ئێران. تەنانەت بیانیگەلێک، کە دەبنە میوانی ئەم دوو ڕێبەریەتییە، یا ئەم دوو ڕێبەریەتییە دەبنە میوانیان، ئەوانیش لە فیکەی خۆیان چاک تێگەیشتوون و لە نێوانیاندا، گەمە دەکەن و بە ڕدێنی هەردووکیان پێدەکەنن. من لەو بڕوایەدام، تەنانەت لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی بەغدایش، کە هەردوو ڕێبەر ئەندامن تێیدا، تاڵەبانی تەنێ گوی بۆ قسەکانی بارزانی ڕادەدێرێت و بارزانیش تەنێ بۆ قسەکانی تاڵەبانی گوێڕادەدێرێت، ئەویش نەک لە بەر گرنگی قسەکان، بەڵکە بۆ ئەوەی هەڵە لە یەکدی بدۆزنەوە و خۆ بۆ وەڵامدانەوەی یەکدی ئامادەکەن، ئەگەر پێویست بوو، دەنا قسەی ئەندامانی دیکەی ئەنجومەن، بۆ هیچ یەکێک لەوان بەهای سەلکە توورێکیان نییە. ئەم دووفاقییە، ئەم دوو سەرکردەیەتییە، ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوە یا بیرنەکردنەوە، ئەم دوو جۆرە سیاسەتە یا ناسیاسەتە، ڕەوشێکی وای هێناوەتە گۆڕێ، کە لە بێئومێدی و هیوابڕاوی زیاتر، لە دڵ و هزر و خەونی مرۆڤی کورددا، شتێکی دیکە شین نەکات. ئەمان لە بری ئەوەی، هەوڵدەن نەخۆشییە دەروونییەکانی خۆیان، نەنێرن بۆ دەڤەرەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیان و بڵاویان نەکەنەوە، کەچی ڕێک بە پێچەوانەوە، تەواوی ئەو ئایدزەسیاسییانەی، کە زۆر لە مێژە دووچاری بوون، بە دیاری، بە سەر کەرکووک و دەڤەرە نوێ ڕزگاربووەکانی دیکەیشدا، دەیبەشنەوە. ئەمان، کە هێشتا لە سەر وشەی"قوتابخانە" و "خوێندنگە" و "قوتابی" و "خوێندکار" ، پێکنەهاتوون، دەبێ کەی لە سەر شتە گەورەکان پێک بێن!. ڕەنگە تاقە شتێک، کە بە ئاسانی و زۆر خێرا لە سەری پێکبێن، خۆ گەیاندن بێت بە تورکیا و وڵاتانی عەرەب و...خۆ بەدەستەوەدان و مۆرکردنی هەرچی تەنازولاتێکی زیاتر بێت، دەنا لە چی دیکەدا پێک هاتوون؟ خێڵی یەکیەتیی، لە کەرکووک، مەکتەبێک –من بۆیە گوتم مەکتەب، بۆ ئەوەی ئێستا و لێرەدا خۆم لە وشەکانی ئەوان لادەم- دەکەنەوە و منداڵ بە زمانی کوردی تێیدا دەخوێنن، لە بەر دەرگای مەکتەبەکە، دەنووسن: خوێندنگای....، کە لە ڕاستیدا دەبێ: خوێندنگە بێت، نەک خوێندنگا. خێڵی پارتی، لە کەرکووک، مەکتەبێک دەکەنەوە و منداڵ بە زمانی کوردی تێیدا دەخوێنن، لە بەر دەرگای مەکتەبەکە، دەنووسن: قوتابخانەی....،ئەمە بۆ خۆی سەرلێشێواندن و چەواشەکردنی خەڵکە. ئەمە بۆ خۆی بەشینەوەی منداڵە بە سەر قوتابخانە و خوێندنگەگەلێکدا، کە حیزبێنراون. بەشینەوەی زارۆکە بە سەر پارتی و یەکیەتییدا. پارتییەک، ئەگەر خوێندنگەیەکیش نێزیکیماڵەکەی بێت، منداڵەکەی یا منداڵەکانی، نانێرێتە ئەو خوێندنگەیە، بەڵکە دەینێرێتە یا دەیاننێرێتە قوتابخانەیەکی، ئەگەر گەلێک لە ماڵەکەی خۆیشیەوە دوور بێت. هەرچی یەکیەتییەکیشە ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەوە دەکات و منداڵی دەنێرێتە خوێندنگەیەکی دووری ماڵی خۆیان و نایننێرێتە قوتابخانەیەکی نێزیکی ماڵی خۆیان. بێجگە لە خوێندنگە و قوتابخانە، ڕێکخراوی قوتابییان و خوێندکاران، یەکیەتیی ژنان و ئافرەتانیشیان، هەر بە ناوەکانیاندا جودا کردووەتەوە. تۆ بنۆڕێ، کە چۆن ئەمانە گاڵتە نەک هەر بە سیاسەت، بەڵکە بە زمان و فەرهەنگ و منداڵی کوردیش دەکەن. ئەمە تەنێ بەشێکە لە زنجیرەیەکی یەکجار دووروودرێژی هەوەساری یا هەوێساری، جوامێرگەلی ڕێبەرانی کورد، کە لەوەی زیاتر، لە دوو هەوە یا هەوێی زۆر دژەیەک و کەللەڕەق و یەکدەندە دەچن، لە هیچ شتێکی دیکە ناچن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com